وەزارەتی جەنگی ئەمریکا هاوردەکردنی کۆمپیوتەر و پرینتەری چینی قەدەغە دەکات



وەزارەتی جەنگی ئەمریکا ئەمڕۆ دوشەممە نیازی خۆی ڕاگەیاند کە وردە وردە کێبڵی ئەو کۆمپیوتەر و پرینتەرانە ڕابگرێت کە لەلایەن کۆمپانیاکانی چین خاوەندارێتی دەکرێن یان لەلایەن ئەو وڵاتەوە بەرهەمدەهێنرێن.

کۆنگرێس یاسای ڕێگەپێدانی بەرگری نیشتمانی بە بڕی 900 ملیار دۆلار پەسەند کرد، کە ڕێکابەری ئابووری و سەربازی لەگەڵ چین دادەڕێژێتەوە بە سەپاندنی سنوردارکردنی نوێی وەبەرهێنان و قەدەغەکردنی کەمەڵك تەکنەلۆژیای چینی بەرفراوان لە زنجیرەکانی دابینکردنی پنتاگۆن و فراوانکردنی هەوڵەکانی دیپلۆماسی و هەواگریەکان بۆ چاودێریکردنی چالاکییە جیهانییەکانی پەکین.

یاساکە کە خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگری بە بڕی هەشت ملیار دۆلار لە سەروی داواکاری کۆشکی سپی بەرزدەکاتەوە، زیادکردنی موچەی سەربازانی وەرگیراو بە ڕێژەی 4% لەخۆدەگرێت، دەسەڵاتەکانی بۆ بەرەنگاربونەوەی فێکەی بڵفێکەوان فراوانتر دەکات، وەبەرهێنانی نوێ ئاراستە دەکات بۆ بەهێزکردنی قەڵغانی موشەکی گۆدن دۆم و بەرنامەکانی مۆدێرنکردنی چەکی

ئەتەمی.

بەپێی دەقی پڕۆژە یاسای بودجەی بەرگری ساڵی 2026، "وەزیری جەنگ دەسەڵاتی کێبڕکێی کەمپیوتەر یان چاپکەری نییە ئەگەر بەرهەمهێنەر، پشکەشکار، یان دابینکەر لایەنێکی یاسایی چینی بێت".

قەدەغەکردنی کێبڕکێی کەمپانیاکانی بایتەکنەلۆژیای چینی کە پەیوەندییان بە خزمەتگوزارییە سەربازییەکان یان ئەمنییەکانەوە هەیە، سنوردارکردنی پنتاگۆن لە کێبڕکێی پاتری پشکەوتو، پکهاتەکانی فۆتۆڤۆڵتایك، مۆنیتەری کەمپیوتەر و بایە میتال لە لایەنە بیانییەکانی نیگەرانکەر، هەروەها پێویستی بە لابردنی قۆناغ بە قۆناغی کەمپیوتەر و چاپکەر و ئامێرەکانی دیکە هەیە کە لە چین دروستکراون تا ساڵی 2028.

جگە لە ڕۆشنە ئابوورییەکان، یاساکە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاڕاستە دەکات کە ستافی کاروباری ناوچەیی تایبەت بە چین لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکاندا جێگیر بکات بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی بازرگانی، تەکنەلۆژیا و ژێرخانی چین لە سەرانسەری جیهان، لەوانە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا.